ئۆرگانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان

دەورەی تازە

# ئۆكتۆبەر

16

25 ی تەمووز / جولای 2021



# سەردانەکەی مەکگۆرک و کازمی!

موحسن کەریم

له چەند رۆژی رابردوودا برێت مەككگۆرك، رێكخەری كۆشكی سپی بۆ كاروباری خۆرهەلاتی ناوەراست و باكووری ئەفریقا، سەردانی عێراقی كرد و لەگەڵ مستەفا كازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق كۆبووەوە. بریاریشە كازمی لەم رۆژانەدا سەردانی ئەمریكا بكات و چاوی بە سەرۆكی ئەو وولاتە بكەوێت.

بەپێی راگەیاندنی نوسینگەی مستەفا كازمی، چەند تەوەرەیەک گفتوگۆیان لەسەر كراوە، لەوانە دەستپێكردنی خولی چوارەمی دانوستانی ستراتیژی نێوان ئەمریكاو عێراق، پرسی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، پەرەدان و فراوانكردنەوەی پەیوەندیە ئابوری و بازرگانی و كەلتوری و تەندروستیەكان و... هەروەها فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراقیش رایگەیاند كە سەردانەكەی كازمی بۆ ئەمریكا بەمەبەستی ئەنجامدانی خولی چوارەمی دانوستانە ستراتیژیەكانی نێوان عێراقو ئەمریكایە، كە بەشێكی تایبەتە بە رێكەوتن لەسەر خشتەیەک بۆ كشانەوەی هێزە سەربازیەكانی ئەمریكا لەعێراق.

بەدەر لەو ئامانجەی كە نوسینگەی كازمی و فوئاد حسین سەبارەت بەو كۆبونەوەو سەردانانە خستویانەتەروو، دەبێ ئێمە بپرسین كە ئامانجی راستەقینەی سەردانەكانی برێت مەككگۆرگ بۆ عێراق و كوردستان و چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم و عێراق و ئەم سەردانەشی بۆ لای كازمی و هەروەها سەردانەكەی كازمی بۆ ئەمریكا، چیەو هەركام لەو دوو لایەنە بەشوێن چ

بۆ لاپەرە 2

# كێشەكانی لاهور و باڤڵ!

عوسمانی حاجی مارف



كێشە ناوخۆییەكانی ئێستای یەكێتی نیشتمانی كوردستان، بە تایبەتی نیشاندانی ئاڵوگۆڕێک لە وەلاخستنی هاوسەرۆكدا، جێگای سەرنج و تێرمانێكی جدیە، كە دەست بەسەراگرتنی دەسەلات و ئیمكانەتەكانی لاهور جەنگی بە كودەتایەک یان سەركەوتنێک بۆ باڤڵ تاڵەبانی دەست نیشان دەكرێت، وە بۆتە مایەی جۆرەها لێكدانەوەو پێشبینی لەسەر پێگەو چارەنوسی یەكێتی و ئایندەی پەیوەندیەكانی لە نێو هاوكێشە سیاسی و ئاڵوگۆڕە سیاسیەكاندا.

ئەوە ئاشكرایە كە پەرشو بلاوبونی یەكێتی نیشتمانی وەک هێزێک و حزبێک لە ناو بزوتنەوەی كوردایەتیدا مێژوویەكی تایبەت بە خۆی هەیە، كە ئەتوانین بەگشتی لە پەیوەند بە رۆڵ و پێگەیەک كە لەنێو بزوتنەوەی كوردایەتیدا هەیەتی لێكی بدەینەوە، ئەویش لەو جێگەو رێگەیەی یەكێتی نیشتمانی كوردستانە، كە لە لایەک لە بەرامبەر پارتی دیموكراتی كوردستاندا وەری

بۆ لاپەرە 3

# كشانەوەی سەدر، نیشانەیەک لەبنبەست و قوڵبونەوەی قەیرانی حكومەتی!



خەسرەو سایە

بڵاوبونەوەی هەواڵی كشانەوەی سەدر، لەهەڵبژاردنە پێشوەختەكەی عیراق، نەک هەر بەشێكی زۆر لەو لایەنانەی كە ئومێدیان لەسەرئەم هەڵبژاردنە هەڵچنیوە، لەگەڵ "موفاجەئەیەكی سیاسی" بەرەوڕوو كردوە، بەڵكو قۆرتێكی جدی لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردندا قوتكردەوە و باسی دواخستن وەیا ئەنجامنەدانی خودی هەڵبژرادنەكەی كردۆتە ئەگەرێكی ئەكید.

بەجیا لەوەی كە سەدریەكان تاچەند لەسەر ئەم هەڵوێستەیان

بۆ لاپەرە 5

# ململانێی هاوسەرۆكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و هەڵمەتێكی دیكە لە چەواشەكاری!

عرفان كەریم

بۆ لاپەرە 7

## درێژەی.. سەردانەکەی مەکگۆرک و کازمی!

بەرژەوەندی و ئەجندایەکی سیاسیەوەن!؟

وەکو لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە، هاوکاتی بوونی مەکگۆرگ لە بەغدا و کۆبونەوەی لەگەڵ کازمیدا، شاندێکی باڵای ئێرانیش بەسەرۆکایەتی مەحمود عەلەوی وەزیری هەواڵگری لەعێراق بوون و لەگەڵ بەرهەم ساڵح و عەبدولغەنی ئەلئەسەدی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق کۆبووەتەوە.

لەدوای ٢٠٠٣ەوە ئەمریکا لەرێگای بەرپارکردنی جەنگێکەوە بوونی سەربازی خۆی لەعێراقدا جێگیرکرد، بەڵام نەیتوانی دەسەڵاتی سیاسی بەوجۆرە سازبدات کە هاوپەیمانی ئەمریکا بێت. بەجۆرێک دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت کەوتە دەست کۆمەڵێک هێزو میلیشیای سیاسی و چەکدار، کە هاوسەنگی هێزی بەقازانجی نفوزی ئێران لە عێراقدا شکاندەوە. لەوکاتەوە ئەم ململانێیە لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا لە گۆڕەپانی عێراقدا بەردەوامەو هەمیشە یەکێک لە سیاسەتە راگەیەنراوەکانی ئێران کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە عێراق و ئەم سیاسەتەشی لەڕێگای گروپە چەکداریە شیعەکانی سەربەخۆیەوە جێبەجێ کردوە. ئەمریکاش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابووە نفوزی سیاسی و سەربازی ئێران لە عێراقدا کۆتایی پێ بهێنێ، چونکە کۆتایی هاتن بە نفوزی ئێران لە عێراقدا دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ کۆکردنەوەی قاچ ودەستی ئێران لە ناوچەکەدا، کە ئیستا لە عێراقەوە بۆ سوریاو فەلەستین و یەمەن بڵاوی کردۆتەوە.

پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق خواستی ئێرانەو حکومەتی عێراق و خودی کازمی لەژێر ئەو فشارەدان. کازمی ناتوانێ خۆی لەو فشارە دەرباز بکات، ئەگەرچی نە خۆی دەیەوێ و نە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی ئەوە. کازمی دوای خرۆشانە جەماوەریەکانی دوو ساڵی رابردووی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق کە گورزێکی لە نفوزی سیاسی ئێران وەشاندو حکومەتی تووشی قەیران کرد، وەکو بەدیلێکی مەقبول بۆ ئەو هەلومەرجە دەستی گیرا بۆسەر کورسی دەسەڵات. ئەمریکاو وولاتە عەرەبیەکانی دۆستی ئەمریکا لەپشتی کازمیەوە وەستان و ئێستاش دەیانەوێ وەکو پیاوی دەوڵەت لە عێراق شەرعیەتی هەڵبژاردنی بخەنە پشت!

بەڵام کازمی بەهۆی ئەوەی خاوەنی هێز و میلیشیای چەکدار نیە، لەبەرامبەر تواناکانی ئێراندا بۆ تێکدان بارۆخی سیاسی و سەربازی عێراق لەرێگای میلیشیاکانیەوە کە پێگەیەکی دەسەڵات و حکومەتەکەی کازمیشیان پێکهێناوە دەستی کراوە نیە. بۆیە کازمی ئەگەر بە نابەدڵیش بووە ناچارە ئەم پرسە لەگەڵ ئەمریکا باس بکات و هەوڵی دۆزینەوەی رێگایەکی گونجاو بدەن و میکانیزمێک پەیدا بکەن کە ئەم فشارەی ئێران و میلیشیاکانی لەسەر خۆی و بەرنامەی سیاسی داهاتووی کاڵتر بکاتەوە. ئەمریکاش لەوە تێدەگات. بۆیە ئەو ستراتیژەی کە ئەمریکا ئێستا بۆ بەهێزکردنی پێگەی کازمی دەیگرێتەپێش، مەسەلەی دوورخستنەوەی عێراقە لە ئێران لەڕووی ئابوریەوە بەجۆرێک کە وابەستەیی عێراق بە ئێرانەوە کەم بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پرسی وەبەرهێنانی ئەمریکا لە پیشەسازی نەوتی عێراقدا، هاوکاریکردنی کردنی عێراق لەرووی بەرهەمهێنانی غاز و کارەباوە لەلایەن سعودیەو ئیماراتەوە و تەرخانکردنی چەندین ملیار دۆلار بۆ ئەو مەبەستە و ... تاد. بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە مەسەلەی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە گشتیەکان بوونەتە پرسی گەرمی خەڵکی عێراق و خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەری دوو ساڵ لەمەوبەر کە سەدان قوربانی و نزیکەی ٢٠ هەزار بریندراری لێکەوەتەوە، بەپلەی سەرەکی بۆ ئەو مەسەلەیەبوو، مەسەلەی ژیاندنەوەی ژێرخانی ئابوری و پێدانی ئومێدێک بۆ باشبوونی خزمەتگوزاریەکانی دەتوانێ ئەو میکانیزمە بێت کە ئەمریکاو وولاتان بەرەی دژ بە ئێران و خودی کازمی و ئەو هێزو لایەنە عێراقیانەی کە دەیانەوێ خۆیان لە بەرەی ئێران دوورخەنەوە، دەستی بۆبەرن لە بەرامبەر نفوزی سیاسی و سەربازی ئێران لە عێراقدا ، کە نفوزە سیاسیەکەی بەهۆی خرۆشانەی ئۆکتۆبەرەوە گورزێکی بەرچاوی بەرکەوتوە.

بارودۆخی سیاسی و حکومەتی عێراق لە قەیراندایەو پرسی دامەزراندنی حکومەتێکی سەقامگرتوو کە شەرعیەتی پەرلەمانی وەربگرێت و کۆتایی بەو دۆخە بهێنێت کە بەهۆی خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ەوە هاتۆتە پێشەوە، مەسەلەی سەرەکیە لە ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران لە عێراقدا. هەریەکەیان هەوڵی ئەوە دەدات کە حکومەتی داهاتوو بەلای بەرەی خۆیدا یەکلایی بکاتەوە. پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە کە هێزەکانی سەر بە ئێران بەرزیان کردۆتەوەوەکو فشارێک بەسەر سەری کازمیەوە ڕایانگرتوە، بۆ ئەوەیە کە تای ترازوەکە بەلای خۆیدا خواربکات. مەسەلەی بوژاندنەوەی ئابوری عێراق و وەبەرهێنانی ئابوری و پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەمریکاو سعودیەو ئیمارات و هاوکاریکردنی سیاسی و دروستکردنی بلۆکیک لەو هێزانەی کە لە ئەمریکاو وولاتانی عەرەبی هاوپەیمانی ئەمریکاوە نزیکن، بۆئەوەیە کە حکومەتی داهاتووی عێراق زیاتر لە بەرەی ئەمریکاو ئەو وولاتە عەرەبیانەو بەرەی نەیاری ئێران نزیکتر بێتەوە. هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری

⇦

## درێژەی .. کێشەکانی لاهور و پاڤێڵ!

گرتووە، لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی پاشکۆبوونی بە دەخالەت و بەرژەوەندی سیاسی وولاتانی ترەوە بەتایبەتی بە حوکمی سنوری جوگرافیەکەی پێگەی سیاسی خۆی بە ئێرانەوە دیاری کردووە، ئەوەش ئاشکرایە هەر لەسەرەتای هەڵسوران و ململانێی سیاسی جەلال تاڵەبانی وەک یەکێ لە ڕابەرانی بۆرجوا ناسیۆنالستی کورد لە بەرامبەر بارزانیدا خۆی پێناسە کردووە نیشانداوە، گەورەترین قڵشتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و هێز، لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دوو جەمسەری مەلایی و جەلالی بووە، تا ئەوکاتەی لە دوا ساتەکانی ژیانی سیاسی جەلال تاڵەبانیدا، دانی بەوەدا نا، کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە سەنگەری لە بەرامبەر بارزانیدا گرتووە!

دابەشبوونی باڵەکانی نێو بزوتنەوەی کوردایەتی هەر لەسەرەتای هەڵسورانی سیاسی و پێکهێنانی هێزی چەکداریانەوە، بنبەستی مەوقعیەتی لاوازی بزوتنەوەی کوردایەتی بووە، لە پەیوەند بە ئەو نەخشەو بەرژەوەندیە سیاسیانەی کە ئامانجیان بووە بۆ هاوبەشی و بەشداریکردن لە دەسەلاتی سیاسی بورجوا ناسیۆنالستی عەرەبیدا، لە هەر جۆرە شێوازێکی پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا بێت.

ئەم ناکۆکیەی نێوان باڵەکانی بۆرجوا ناسیۆنالستی کورد، بە جیا لەوەی هەمیشە ئایندەو چارەنوسی سیاسی کوردستانیان خستۆتە ژێر پرسیارو مەترسیەوە، لە هەمانکاتدا هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ڕووداونی کارەسات و بێئیرادەکردنی خەڵک و سەرگەردانی ژیانی دانیشتوانی کوردستان. مەلایی و جەلالی، هەمیشە مۆرانەی گەورەترین سازش و ڕیاکاری و پاشکۆبون بوون بۆ دوژمنەکانیان. مایەی شکاندنی بە مەبەست و بەئەنقەستەتی شکۆی ئینسانەکان و وێرانکردنی کوردستان بون، سونەتی تیرۆرکردنی یەکترو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کارنامەیەکی گرنگی سیاسیان بووە، بەردەوام ناسنامەو پێناسەیەکی شەرمەزاری بون لە نێو هەڵسورانی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

بە مانایەک گەر لە جیاوازیەکان و ناکۆکیەکانیان و شەڕەکانی نێوانیان ووردتر سەرنج بدرێت، بە ئاشکرا دەبینرێت کە ڕاستەوخۆ پابەندبوون بووە بە بەرژەوەندی سیاسی لایەن و وولاتانی ترەوە، دەتوانین ڕاشکاوانە ئەو حوکمە بدەین کە تەواوی مێژووی هەڵسورانی سیاسیان هیچ پەیوەندیەکیان بە بەرژەوەندی خەڵک و چارەنوسێکی ڕۆشن بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ئایندەی کوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە نەبووە.

لە واقعیەتی هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی بەدوای هەردوو جەنگی کەنداودا، کە مایەی خولقاندنی گەورەترین گورز بوو بۆ لێدان لە ڕیشەی بنەما ئابوری و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی عیراق و کوردستان، هەروەها هۆکاری فەراهەم هێنانی ڕێکخستنی بەربلاوترین دۆخی گەندەڵی و دزی و جەردەیین، کوردستانیان خستە ناو چوارچێوەی گێژاو و جۆرێک لە ناجێگیری سیاسی کە دەسەلاتی مافیاو میلیشیا پێکهاتەی سەرەکی زاڵی دەسەلاتی سیاسی بێت. پارتی و یەکێتی، بارزانی و تاڵەبانی دیارترین نمونەی نوێنەری خولقێنەرو پێکهاتەی ئەو جۆرە لەدەسەلاتی میلیشیایی و مافیایی و جەردەیی و گەندەڵی... بون و هەن.

هەر بە تێگەیشتن لە فەزایەی کە پارتی و یەکێتی و بارازنی و تاڵەبانی کەوتنە دوای وێرانکاریەک کە لە نەخشەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانیدا جێبەجێ دەکرا، زۆر ئاساییە لایەن و حزبەکان و سەرانی میلیشیاو مافیاکان هەوڵبدەن بۆ قۆستنەوەی ئاسەوارەکانی ئەو جەنگەو تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆیانی تیا ببیننەوە و لەو پێناوەشدا تەواو ئامادەن ملی یەکتر بشکێنن، شەڕی نێوان خۆیان هەڵدەگیرسێنن وە بێ گوێدانە هیچ پرنسیپێک و مافی مرۆڤ، دیلەکانی یەکتری دەکوژن، ئەمانە کاری مافیاو جەردەو درندەیە بۆیە هەروادەبێت.

دوای سی ساڵ لە حوکمرانی، بالاترین نمونەی دەسەلاتی سیاسی شکستخواردوویان نیشانداین لە پەیوەند بە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەوە لە قۆرخی سەروەت و سامان و جەردەیی و دزی و گەندەڵی وە بازرگانی و قاچاخچێتی بەنەوت... شاکاری هەڵسوکەوتی بێئیرادەکردن و بە

## پاشماوەی سەردانەکەی مەکگۆرک و کازمی!

عێراق، بۆ هەردوو ئەم بەرەیە ئەو مانایەی هەیە کە دەیانەوێ نەخشەی داهاتووی دەسەلات لەعێراقدا خۆیان بیکێشن! بەلام دوو فاکتەری گرنگ دەتوانن ئەم بارودۆخە بە ئاقارێکی دیکەدا بگۆڕن!

یەکێکیان نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقە کە هێشتا گەرمی خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەری دوو ساڵ لەمەوبەری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە دەتوانێ سیناریۆی هەڵبژاردنەکەیان پووچەڵ بکاتەوە قەیرانی حکومەت و دەسەلات قوڵتر بکاتەوە و یاریەکە لەهەردوو تیمەکە تێک بدات و ئاراستەیەکی دیکە بخاتە بەردەم ئایندەی سیاسی عێراق و ئەوی دیکەیان نارەزایەتیەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و نارازی و ئازادیخوازی ئێرانە کە هەر ئێستا لە چەند گۆشەو کەنارەوە قولپ دەدات و دەتوانێ لە بەرینبوونەوەیدا دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی بلەرزێنێ و دەستوپێوەندەکانی لە عێراقیشدا کۆبکاتەوە!

★

# پاشماوەی .. کێشەکانی لاهور وپاڤێل!

بارمتەگرتنی ژیانی خەڵکن لە پێناو بەرژەوەندی هێزەکانیان و ئێستاش ناتوانن و نایانەوێت وەڵام بە خواست و پێداویستیەکانی خەڵک بدەنەوە.

سەرهەڵدانی هەر جۆرە ناکۆکی و ئیختلافاتیک لە نێوان حزبەکانی کوردایەتی و لە ناوخۆی هەر حزبێکیشیاندا بێت، لە نمونەی جیابونەوەی نەوشیروان و کودەتای ئێستای باڤڵ لە یەکێتیدا، ئەوە لەلایەک واقعیەتی بونی ئەو جەنجاڵیەی پابەندبونی هێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتیە بە بەرژەوەندی سیاسی وڵاتانی ترەوە، لەلایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ کێبرکێی راگرتنی هاوسەنگی هێزەکەیانە لە هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراودا، تا بەرژەوەندیەکانیان و هاوسەنگی هێزیان بەهەر بەهایەک بێت بپارێزن.

وەستانەوەی بێشەرمانە و یەکدەست بونی لاهور جەنگی و باڤل تاڵەبانی لەبەرامبەر ریفراندۆمدا بەبیانوی ئەوەی ریفراندۆمی پارتیە و تێکەڵبونیان بە بەرژەوەندی سیاسەتی هێرشبەرانەی حکومەتی عێراق و دەورو دەخالەتی ئێران، هەوڵێکی زۆر جدیان بوو بۆ لێدان لە هاوسەنگی هێزی بارزانی، بەڵام دواتر ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێشهات و خۆرادەستکردنەوە و گەڕانەوەی بارزانی بە ملکەچ بونی بۆ بەرژەوەندی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی، مەرام و پلانەکانی لاهور و باڤڵی بە شکست گەیاند، بارزانی نەک توانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی و پارتی بە پارێزراوی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو هەنگاوێ زیاتر باڵادەستی هێزەکەی خۆی سەلماند، واتە لاهور و باڤڵ لە پەیرەوکردنی دوبارە کردنەوەی سیاسەتە شکستخواردووەکانی "مام"دا دوبارە شکستێکی تریان تۆمارکرد.

ئەتوانین ئەو پێشهاتەی لە دەسەڵاتی ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کە بە سەرکەوتنی باڤڵ و کەنار خستنی لاهور ئەژمار دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

یەکەم؛ ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەو عێراق و کوردستان بەدەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو تورکیاو ئێران بەرێوەیە، زیاتر بۆتە نارۆشنی یەکلایی بونەوەی چارەنوس و ئایندەی کوردستان، بەگشتی یەکێتی نیشتمانی سیاسەتێکی رۆشن و یەکدەستی نیە کە هاوسەنگی هێزەکەی چۆن و پەیوەست بونی بەکام پلان و سیاسەتەوە بپارێزێت، هەر باڵێکی لە قەوانێک دەخوێنێ.

دووەم؛ بەگشتی دەسەڵاتی سیاسی حزبەکانی کوردایەتی بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بنبەستن و گیریان کردوە لە بەرامبەر تورەیی و نارەزایەتی و وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵکەوە، نەیانتوانیوەو ناتوانن هیچ ئاسۆیەکی رۆشن نیشان بدەن، ئەم بنبەستەش زیاتر یەخەی بە یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی گرتووە بەو پێوانەیەی یەکێتی بە پێگەیەکی لاوازتر لە بەرامبەر پارتی و بارزانیدا دەردەکەون و دەوری سەرەکیان لە حکومەتدا نیەو بێدەسەڵات و زەلیل خۆیان نیشان ئەدەن، هەرباڵێک لەناو یەکێتیدا کێشەکە دەخاتە ئەستۆی باڵەکەی تر، لە ئاکامدا دەبێت باڵێکیان گورزێک لە باڵەکەی تر بدات.

سێیەم؛ قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان و جەردەیی و قاچاخچیتی لە ناوچەی سەوزدا لە سایەی دەسەڵاتی یەکێتیدا مەرکەزیەتی نیەو هەر باڵێک بەسەربەخۆ ئەتوانێ توانای هێزەکەی بۆ تاڵانی بەکار بهێنێت، واتە میلیشیاکانی یەکێتی وەک چەند مافیایەکی پەرشوبڵاو کۆنترۆڵی بازاڕ دەکەن، هەمیشە سەرقاڵی بارگرژی و ناکۆکی و پلانگێرین لە نێوان خۆیاندا، هەر لایەکیان سەرکەوێت خولقێنەری زیاتری گێژاوو ناجێگیری سیاسیە و زیانی زیاتر بە ژیان و بەرژەوەندی خەڵک دەگەیەنێت.

چوارەم؛ سیاسەتی چاوەڕوانی بۆ ئاڵوگۆڕو پێشهاتە سیاسیەکانی ناوچەکەو کارکردی لەسەر کوردستان و هێزە سیاسیەکان، هەمیشە سروشتی گێژاوی سیاسەتی "مام" بووە و باڵەکانی ناو یەکێتیش پەیرەویان کردوە، هەر بۆیە دوای جەلال تاڵەبانی هەر باڵێک چارەنوسی چاوەڕوانیەکەی وەک قومارێک گرێداوە بەو ئاسۆ سیاسیەی کە پێی وایە پێگەی لە ناوچەی سەوزدا بەهێزتردەکات، هەرئەمەشە کە دەبینین بەشێکیان چاویان لە حکومەتی بەغداو بەشێکیان چاویان لە پارتی، بەشێکیان ئێران و بەشێکیان تورکیا، بەشێکیان ئەمریکاو بەشێکیان روسیا.....

ئەوەی ئێستا لەبەینی لاهور و باڤڵدایە و بەسەرکەوتن بۆ باڤل پەردەی شانۆگەریەکە دادرایەوە، رادەستکردنی یەکێتی نیشتمانیە بە سیاسەتێک کە بارزانی لە پاڵ لەشکرکێشی تورکیا بۆ کوردستان پیادەی دەکات!

★

## ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەریە!

**نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان**

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org

# درێژەی .. کشانەوەی سەدر، نیشانەیەک لەبنبەست و قوڵبونەوەی قەیرانی حکومەتی!

سوردەبن یان نا، تەنانەت بەجیا لەوەی کە سەدر لەژێر فشاری مەرجەعیەتی شیعەکاندا بەم بڕیارەیدا دەچێتەوە یان نا، بەلام خودی ئەم هەڵویستەی سەدر، نیشانەیەکە لە بنبەست و قوڵبوونەوەی قەیرانێکی حکومەتی کە یەخەی بەرەوت و حزبە رەنگاورەنگەکانی چینی بۆرژوازی گرتووە و بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر خەباتی چینایەتی و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئیستاش دادەنێ.

هەروەک ئەوەی کە بڕیاربوو هەڵبژاردنی پێشوەختە، هەم رێگایەک بێت بۆ دوبارە سازدانەوەی حکومەت و دەسەلاتێک کە لەسەر دەستی عادل عەبدول مەهدیدا، لەبەردەم راپەرینی جەماوەری کارگەرو زەحمەتکێشدا، سەرەرای دەستبردنی بۆ سەرکوتگەریەکی خوێناوی، شکستی خوارد و نەیتوانی خۆی رابگرێ. وەهەم ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختەیە تاکتیکێک بێت بۆ خاوکردنەوەی تەوژمی نارەزایەتیەکانی جەماوەر کەخۆی لەراپەرینی ئۆکتۆبەردا نمایش کردبوو، بەلام ئێستا دۆخەکە گۆردراوە و هاوکێشە چینایەتیەکان چ لەبەرەی ناوخۆی هێزە بۆرژوازیەکان خۆیانداو چ لەهاوکێشەی هێزی نێوان خەڵکی نارازی وحکومەت ودەسەلاتدا لەئارادابووە، گۆرانی بەسەردا هاتووە و ملیان بەدۆخێکی تازەوە ناوە. تەنانەت ناکۆکیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و لایەنگرانیان لەعێراقدا چۆتە ئاستێکی ترەوە و هەموو ئەمانەش چارەنوسی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختەیەی بردۆتە دۆخێکی نادیارو ناڕوونەوە. بەواتایەکی تر ئیستا ئیتر دۆخەکە لەوەدا نەماوە کە فاکتۆری رێکەوتنی نێوان هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەشیعەو سونەوە، بە ناسیونالیستە عەرەبی و کوردیەکانەوە، بەلایەنگرانی ئەمریکاو هێزە میلیشیایەکانی سەر بەئێرانەوە، بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدەن و لەم دۆخەی ئێستا تێپەرن وحکومەتی تازە سازبدەنەوە.

ئێستا ئیتر قەیرانی سەراپاگیری سیستەم و دەسەلاتی چینی بۆرژوازی هێندە قوڵ وفراوانە رێگەنادات بەوەی کەرێکەوتنی بەتەنهای لایەنەکان و وەلانانی ناکۆکیەکانی نێوانیان، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت، خۆبەخۆ بەربەستەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردن لاببا و فرسەتی دەربازبوون لەم گێژاوەی ئێستا برەخسێنی و حکومەتێکی تازەی بۆرژوازی لێبکەویتەوە. بەلام قوڵبوونەوە و فراوانبوونەوەی قەیرانی دەسەلاتداریتی و بنبەستێک کەتێی کەوتووە، بەچ مانایەکە؟

سەرەتا خودی بێوەلامی چینی دەسەلاتدار لەعێراقدا، بەکێشە ئابوری و سیاسی و ئیداریەکان و بەرینبوونەوەی گەندەڵی و تالانچێتی و سەرهەڵدانی قەڵشتێکی چینایەتی، هاوکات بێتوانایی حکومەت لەوەلامدانەوە بەمەسەلەی ئەمنیەت و لەدەستدانی کۆنترۆڵی دۆخی شارەکان، بەیەکجاری هەژمونی حکومەت و دەزگا ئەمنیەکانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و جڵەوی ئیدارەدانی دۆخەکەی لەدەستداوە. رووداوەکانی ئەم دواییانە، هەر لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆرو تەقینەوەکانەوە تا مانۆرە سەربازیەکانی هێزە میلیشیاییەکان لەنێوەراستی شەقامەکانی بەغداو شکاندنی شکۆی کازمی و حکومەتەکەی، تا موشەکباران کردنی پێگەی ئەمریکا چ لەبەغداو چ لەهەولێر و چالاکبوونەوەی میلیشیاکانی سەر بەئێران، ئەمانە نەک هەر دۆخی ئەمنیان لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردندا نەهێشتوتەوە، بگرە چەککردنی دەستەوتاقمە میلیشیاییەکانی کردۆتە پێشمەرجێک بۆ ئەنجامدان و بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکە، ئەمە ئەو بابەتەیە کەهەمولایەنەکان بەخودی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە، کە یەکێک لەلایەنە چاودێرەکان بەسەر هەڵبژردنەکەدا، قسەی لەسەردەکەن. لەکەنار ئەم خاڵانەوە مەسەلەی دارمانی خزمەتگوزاریەکان و نەبونی ئاو کارەبا و خزمەتگوزاری پێویستی تەندروستی و بەرینبوونەوەی هەژاری و بێکاری و دەیان دەردو مەینەتی تر.. هەموو ئەمانە بێبڕوایەکی گەورەی بەحکومەت و رەوت و حزبەکانی چینی بۆرژوازی لەنێو خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێشدا کردۆتە هوشیاریەکی چەسپاو و وەلانانی ئەم دەسەلات و سیستەمەی کردۆتە خواستێکی بەرین و فراوان لەنێویاندا.

ئەگەر هەموو ئەم واقعیەتانەی سەرەوە لەکەنار یەکدا رابگرین، ئەوا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئیتر سندوقەکانی دەنگدان و فریودانی خەڵک لەژێر پەردەی دیموکراسی و هەڵبژاردندا، ناتوانێت تاکتیکێکی کارای دەستی چینی بۆرژوازی و رەوتەکانی بێت بۆ تێپەرین لەو قەیرانەو لەو بنبەستەو لەو دۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەی کە دەسەلاتداریتی چینی بۆرژوازی تێیدا چەقیوە. بەدیویکی تریشدا ئیتر بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن ناتوانێت تاکتیک و رێگایەک بێت بۆ رازیکردنی جەماوەرێکی بەرینی نارازی کەهوشیار بۆتەوە بەسیناریۆی هەڵبژاردن و ئەو یاریە گڵاوەی کەحزبەکان لەژێر ناوی "پرۆسەی سیاسی" دا دەیبەن بەرێوە. لەوەها دۆخێکدایە کە رەوتی سەدر ناچاردەکات بەکشانەوە لەهەڵبژاردن. بەتایبەتی بەدوای فەزیحەی سوتانی نەخۆشخانەکان و مانۆری هێزە میلیشیاییەکانی سەر بەجمهوری ئیسلامی ئێران و لەکۆنترۆڵ دەرچونی دۆخی ئەمنی شارەکان. رەوتی سەدر لەگەڵ ئەوەدا کە بەو راستیە گەیشتووە دۆخەکە بەیەکجاری لەدژی بەشداریکردنی رێژەیەکی زۆری هاولاتیانە لەم هەڵبژاردنەدا،

⟸

# پاشماوەی .. کشانەوەی سەدر، نیشانەیەک لەبنبەست و قوڵبونەوەی قەیرانی حکومەتی!

لەهەمانکاتدا دەرکی بەوەش کردووە کەجێگاو ڕێگای خۆی لەنێو خەڵکی نارازیدا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و تادێت ئیعتباری خۆی لەدەست دەدات و لێرەشەوە بەدەست هێنانەوەی ئەو ڕێژەی کەلە دەنگدانەکانی پێشوتردا، بەمسۆگەرکردنی ٥٤ کورسی لەپەرلەماندا گەیشت، کردۆتە ئەگەرێکی مەحاڵ. بەواتایەکی تر قوڵبونەوەی قەیرانی دەسەڵات و بێتوانایی حکومەت کەڕەوتی سەدر یەکێکە لەلایەنە پێکهێنەرەکانی، لەگۆشەیەکی خۆیدا، جێگاو ڕێگای ڕەوتی سەدری لەپەیوەند بەجەماوەرو نارەزایەتیەکانی ئەم دەورەیەوە، خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتی کەڕەوتی سەدر وەک باڵێکی ئیسلامی سیاسی شیعی، کەخۆی لە"بەرەی نارەزایەتیەکانی خەڵک"دا، پێناسە دەکرد و وەک لایەنێک پۆزی دژایەتیکردنی فەسادو گەندەڵی لێدەداو هەوڵیدەدا وەک هێز و بەدیلێکی نیشتمانی و سەربەخۆ لەو لایەنە شیعیانەی تر کەسەر بەئێران و ئەمریکان، خۆی بناسێنێ و لەم ڕێگەیەوە سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانی جەماوەر ببێ و ئیعتباری جەماوەی بەدەست بهێنێ، ئێستا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. ئێستا دۆخەکە بەوەگەیشتوە کەهیچ یەک لەلایەنە بەشدارەکان چ لەحکومەت و چ بەشدار لەپرۆسەی سیاسی عیراقدا، ناتوانن و نایانەوێت وەڵام بەئەمنیەت و نان و کارو بژێوی هاولاتیان بدەنەوە وکۆمەڵگا لەم گێژاو و زەلکاوە دەربکێشن. لەبەرامبەریشدا ئەوە خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێشی عێراقە کە کەمترین خۆشباوەڕییان نەک هەر بەهەڵبژاردن نەماوە، بگرە بەیاریەکی سیاسی لایەنەکان بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایەو کۆکردنەوەی سەرمایە و داهات دەزانن.

خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێش بەپێی ئەزمونی چەندین ساڵەیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەو ئەم حزب و لایەنانەدا، کەژیانی خەڵکیان هاڕیوە، بەو ڕاستیە گەیشتوون کە نە کازمی و عامری نەحەکیم و نە سەدر، نەلایەنی سونی و نە شیعی، تەنانەت نە لایەنگرانی ئەمریکاو نە میلیشیاکانی سەربەکۆماری ئیسلامی ئێران.. هیچکامیان، هێز ولایەنی وەڵامدەرەوە نین بە ئەمنیەت و ژیان و بژێوی هاولاتیان، بۆیە ئەوان بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا، بەڕێگای خۆیان نازانن تا ئالوگۆڕێک لەژیانیاندا بەدیبهێنن. ئەمە ئەو فاکتۆرە سەرەکیەیە کە سەدری ناچار بەکشانەوە لەهەڵبژاردن کردووە. بێگومان ئامانج لەم هەڵویستەشی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئیعتبارو حەیسیەتی جەماوەریە، کەلەدۆخی ئێستادا، چۆتە ژێر پرسیارەوە.

سەرەنجام سەدر ویا هەر ڕەوتێکی تر ئەگەر بکشێتەوە ویا بگەرێتەوە بۆ نێو ئەو یاریە سیاسیەی کە ناویان ناوە دیموکراسی و هەڵبژاردن، کارێکی تر ئەنجام نادەن جگەلەوەی کە خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێش، بکەنە ئامرازی سازدانەوەی حکومەت و سیستەمێک کەسەرچاوەو هۆکاری سەرەکی بووە بۆ هەژاری و بێکاری و بێخزمەتگوزاری و تێکچونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و ئەو زەلکاوەی کە کۆمەڵگای تێداراگیراوە.. هەربۆیە خۆجیاکردنەوەی جەماوەری نارازی لەسەدریەکان و هەر ڕەوتێکی تری بۆرژوازی و لەمەیداندا مانەوەیان وەک یەک جولانەوەی سیاسی چینایەتی و سەربەخۆ، کەخواستی وەلانانی ئەم دەسەلاتەو هێنانەکایەوەی دەسەلاتداریتی جەماوەری ڕێکخراو لەشوراکاندا، کردبێتە ئامانج، تەنها وەلامە بەدۆخی ئێستا وسیناریۆیەک کە گەندەڵکاران ناویان ناوە هەڵبژاردن.

٢٤/٢٠٢١

★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نورەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئیوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و ستەمگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستەمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوینی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!**



# ململانێی هاوسەرۆکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڵمەتێکی دیکە لە چەواشەکاری!

عرفان کریم

پاڤێل تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرواری ٨ ی تەموزی ٢٠٢١ هەڵمەتێکی لابردنی چەند بەرپرسێکی ئەمنی و سەربازی دەستپێکرد و پاش چەند رۆژێکیش بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە ئیدی ئەو سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و کۆتایی بە سیستەمی هاوسەرۆکی لە سەرکردایەتی ئەم حزبەدا هێنا، لەبەرامبەردا لاهور شێخ جەنگی ڕایگەیاند کە ئەمە پلانی پارتی و تورکیا و ئەجیندای ناوچەیی لە پشتە و ئامانج لێی تەسلیمکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، میدیاکانی سەر بە باڵی کوڕانی جەلال تاڵەبانی (بافیل و قوباد) ئەم هەڵمەتەیان وەک دەستکەوتێکی سیاسی بۆ جەماوەر و خەڵکی کوردستان نیشان دەدەن و دەڵێن بەسەرکەوتنی ئەمان و بەگرتنە دەستی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لەلایەن باڵەکەی ئەمانەوە، ئیدی کاری قاچاخچێتی و کاری یاساشکێنی لە بابەتی سەرانە سەندن و هەڵکوتانە سەرخەڵک نامینێت و یاسا سەروەر دەبێت ... و چەند وەعد و بەڵێنێکی دیکەی لەم جۆرە بلاودەکەنەوە. بەلام ئایا ئەم ئیدعایانە واقعیەتی هەیە؟ ئایا بە بەلابردنی چەند بەرپرسێکی ئەمنی و سەربازی و ئیداری لەنێو دامودەزگاکانی حزبێکی دەسەلاتدار لە زۆنی ئەم دیوی دیگەڵە ، ئیدی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی بەرەو باشتر دەچێت و ئارامی و سەقامگیری بەرقەراردەبێت و گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر دەچێت، ئایا هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی هاوسەرۆکانی یەکێتی نیشتمانی لە جێگای خۆیان مووچە و دابینکردنی هەلی کار و خزمەتگوزاریەکان باشتر دەکات ؟

لە راستیدا بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە، چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژوویەکی نزیک لە ململانێ و جیابوونەوەکانی نێو بزوتنەوەی کوردایەتی، کە یەکێتی نیشتمانی خۆی یەکێکە لە حزبەکانی نێو ئەم بزوتنەوەیە، ڕاستی و دروستی ئەم مەسەلەیەمان بۆ دەردەکەوێت.

هەر لەسەرەتاوە دروستبوون و پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەرئەنجامی جیابونەوەی باڵی جەلالیەکان بوو لە ڕیزەکانی پارتی دیموکرات، واتە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) ڕیزەکانی پارتیان بەجێهێشت. ئەوەی ئاگاداری مێژووی سیاسی ئەم حزبە بێت دەزانێت لەو سەردەمەدا چ هاژوهوژێکی گەورە و چ ئیدعایەکیان دەکرد لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە یەکێتی نیشتمانی سەبارەت بەکۆتایهێنان بەدەسەلاتی بنەماڵەیی و عەشیرەتی لە کوردستان، بەتایبەت کە هێرشی سیاسیان دەکردە سەر پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی، سەرئەنجامیش بینیمان کەچۆن کوڕو برازا و مام و هاوسەر ..وتاد بە کوردیەکەی ئەوەی بەقەی تاڵە دەزوویەک بە خزمایەتی دەگەیشتەوە بە ماڵی جەلال تاڵەبانی، بوونە کەسانی یەکەم و دەسەلاتداری نێو ئەم حزبە و سەرئەنجامیش ئێستا بونەتە خاوەنی ملیۆنەها دۆلار. نمونەیەکی زۆر زیندوو بەرجەستەی دیکە، ململانێ و جیابونەوەی باڵی نەوشیروان مستەفا بوو لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کاتێک بەشێک لە سەرکرادیەتی یەکێتی نیشتمانی جیابونەوە و بزوتنەوەی گۆڕانیان پێکهێنا، ئەو کات ئیزگە و تەلەفزیۆنەکان و دام و دەزگاکانی سەر بەم بزوتنەوەیە، گوێ ی خەڵکی کوردستانیان کەڕ کردبوو، سەبارەت بە کۆتایهێنان بە گەندەڵی و دەسەلاتی بنەماڵەیی لە کوردستان، سەرئەنجامیش بینیمان چۆن سەروەت و سامانێکی زۆر لە (زەوی و زار و کۆمپانیا) کە بەسەدان ملیۆن دۆلار ئەژماردەکرێت، لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بەر لەمردنیشی بەناوی کورەکانیانەوە تۆماری کردو، دواتریش هەر ئەم کوڕانە بوونە کەسانی یەکەم و بڕیار بەدەستی نێو بزوتنەوەکە و گۆڕانیش بووە شەریکە بەشی پارتی و بنەماڵەی بارزانی .

جیابونەوە و ململانێ و باڵباڵێنەکانی نێو ڕیزەکانی سەرکردایەتی حزبە ناسیونالیستەکانی کورد، هیچ کات لە پێناو دیفاعکردن لە بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا، نەبوە و نابێت. ئەم حزبانە لە بنچینەدا، ئەرک و ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدار و بۆرجوازیەکانی کوردستانە. هەر ناکۆکی و ململانێیەک لە نێو ڕیزی سەرکرادیەتی ئەمانە بێتە ئاراوە، ئەوە پەیوەندی بە قەیرانی دەسەلاتی نێو ڕیزەکانی حاکمیەتی خۆیانەوە هەیە و هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینی

## درێژەی .. ململانێی هاوسەرۆکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڵمەتێکی دیکە لەچاوەشەکاری!

سەرمایەداران لە کوردستان و دوورخستنەوەی جەماوەرە لە مەسەلەی هاتنەمەیدان و دەستبردن بۆ شۆرشکردن لەبەرامبەر دەسەڵاتەکەیاندا و سەرئەنجامیش کۆتاییهێنان بە حکومەتەکەیان. ئەمانە بەمەبەستی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی ئەم هەقیقەتە، خۆیان لەژێر چەتری کۆمەڵێک ئیدعای پوچ و بێبنەمای سیاسیدا، حەشاردەدەن و جارێک بەناوی (دژایەتیکردنی دەسەلاتی بنەماڵەیی) جارێک لە ژێر ناوی ( کۆتاییهێنان بەگەندەڵی و چاکسازی) ئێستاش لەژێر ناوی ( سەروەری یاسا و کۆتایهێنان بە کاری قاچاخچێتی..) دەیانەوێت جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان چەواشەبکەن و خۆیان وەک پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خەڵک، نیشان بدەن. لەڕاستیدا هەروەکو چۆن نەوشیروان مستەفا چەندینجار بەدوای جیابونەوەشی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی، ڕایگەیاندوە کە ئەو شانازی بەو مێژووەی خۆیەوە دەکات لەنێو ڕیزەکانی ئەم حزبەدا و بەرپرسایەتی هەر کارێک دەگرێتە ئەستۆ، ئاوهاش سەرجەم سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە( کوڕ و مام و برازا و هاوسەر و.. تاد) بەشدارن لە داسەپاندنی ئەم جۆرە دەسەڵاتە گەندەڵ و نادادپەروەرە، کە بە هاوبەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، حکومەتی هەرێمیان پێکهێناوە.

٢٠٢١ /٢٣/٧

★

# کرێکاران و شۆڕش

لەنوسراوێکی مەنسور حکمەتەوە:

کرێکارانی کۆمۆنیست خوازیاری شۆڕشن. بەڵام چ شۆڕشێك؟ چینە جیاوازەکان و مەیلە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕەنگاوڕەنگەکان هەر یەکەیان "شۆڕش" بە مانای زۆر جیاواز بەکار ئەهێنن. جیهانی ئێمە هەموو جۆرە "شۆڕش"ێک و هەموو شێوازێکی "شۆڕشگێڕی" بەخۆیەوە بینیوە. تەقریبەن هەر کەس یان هەر ڕەوتێک کە ئەیەوێت دۆخی ئێستای کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کتوپڕ وە بە شێوەیەکی نائاشتیانە بگۆڕێت، باسی شۆڕش ئەکات و خۆی بە شۆڕشگێڕ ناوئەبات. زۆرێک لەم شۆڕشانە بێجگە لە کۆنەپەرستییەکی پوخت شتێکی تر نین. "شۆڕشی ئیسلامی" نمونەیەکی زیندوی بەرچاومانە. دواکەوتووانەترین خورافات و ناهەموارترین بارودۆخیان بە شۆڕش ناوزەد کردووە. کۆنەپەرست ترین و پیسترین کەسانێك ناوی شۆڕشگێڕیان لە خۆیان ناوە. کرێکاری کۆمۆنیست سەرسەختترین دوژمنی ئەم جۆرە شۆڕش و شۆڕشگێڕیە درۆینانەیەیە.

.. بۆرژوازی بە قسەی خۆش دەست لە دەسەڵات هەڵناگرێت و دەورودوکانی چەوساندنەوەی ناپێچێتەوە. کەواتە دەبێ شۆڕش بەرپابکرێت، حکومەتی کرێکاری دابمەزرێ کە بەرگری چەوسێنەران تێکئەشکێنێ و ڕێگا خۆشئەکات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوە و بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگایەك کە پێویستی بە هیچ جۆرە حکومەت و ستەم و خورافەیەک نابێت. بۆ کرێکارانی کۆمۆنیست شۆڕش بە واتای ڕاپەڕینی چینی کریکار دێت بە مەبەستی بەکردەوە دەرهێنانی سەراپای ئەم گۆڕانکاریە مەزنە کۆمەڵایەتیە. خەبات لەپێناو ئازادی، یەکسانی و حکومەتی کرێکاری. ئەگەر کرێکار بێتە مەیدانی سیاسەتەوە، ئەبێ لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بێت. ئەبێ بە وێنەی ڕابەری ڕزگاری تەواوی کۆمەڵگا بێتە مەیدان. سەردەمی پەلکێشکردنی کرێکاران بە شوێن ئەم و ئەودا بەسەرچووە. ڕەوتی کۆمۆنیستی لە نێو دەروونی چینی کرێکاردا ئامانجی خۆی بەوە داناوە کە کرێکاران بۆ ئەم ئاسۆیە ئامادە بکات و جووڵانەوەی سەربەخۆی کرێکاران لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاریدا ڕێکبخات.

★

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕیکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!